گەل ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٧٢) یەکشەممە ٢٠٠٧/٤/١

## لەجێگەی ئازادیا وەلات، دەنگێ وەلات دەردەچێ

دوای ئەوەدادگەی دیاربەکر بڕیاری ٢٠ راگرتنی بەسەر رۆژنامەی ئازادیا وەلات داسەپاند ، لەپێوەندی ئەوەی ناوی رێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلانی هێنابوو ، رۆژنامەوانانی کوردستان چاوەڕوانی ٢٠ رۆژەکەیان نەکرد، رۆژنامەیەکی دیکەیان بەناوی دەنگێ ولات بڵاوکردەوە.

دەنگێ ولات لەلاپەڕەدا بابەتی رامیاری ، کۆمەڵایەتی ، رۆشنبیری و ئابووری لەخۆ دەگرێ. بەمەش رێچکەی ئازادیا وەلات بەئاوەدانی رادەگرێ کەلە-٨-٢٠٠٦ وەکو رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی لەباکوری کوردستان دەردەچوو .

# سەرکردەیەکی کورد بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل بودجەی کراوە تەرخان دەکات

ئاژانسی نووچێن کوردستان رۆژی ٢٨-٣-٢٠٠٧ لەزاری بەرپرسێکی گەورەی لایەنێکی کوردستانی ئاشکرای کردووەکەساڵی ٢٠٠٦ سەرکردەی پارتێکی کوردستانی ئاگاداری نوێنەران و بەرپرسانی پارتەکەی خۆی، ئەوانەی لەوڵاتی نەرویج نیشتەجێن ، کردووە و پێیانی راگەیاندووەکەبەمەبەستی جێکردنەوەی ناوی ئەو سەرکردەیەلەلیستی بەرئەندامانی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل میزانیەی کراوەیان لەبەردەست دادەنێ .

سەرچاوەکەلەشاری هەولێرەوەبەئاژانسی نووچێن کوردستانی راگەیاندووە، بۆ بەدواداچوونی ئەو ئەرکەنوێنەرانی ئەو لایەنەپەیوەندیان بەچەندین سیاسەتمەداری نەرویجیەوەکردبوو ، پێیانوابوو لەرێگەی دەم چەور کردن و پارەبەخشینەوەدەتوانن بەمەرام بگەن و ناوی ئەو سەرکردەیەلەلیستی پاڵێوارانی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتیدا جێگەبکەنەوە، بەڵام دوای هەوڵ و ماوندووبوونێکی زۆر ناکام ماونەتەوەو هەوڵەکەیان سەری نەگرتووە.

سەرچاوەکەبەئاژانسی نووچێن کوردستانی راگەیاندووەئەو سەرکردەیەلەپێناو ئەوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بباتەوەلەسەر دەستووری عێراق و لکاندنەوەی باشووری کوردستان بەعێراق و دەستهەڵگرتن لەشاری کەرکوک رازی ببوو، بەڵام نەزانراوەئەو سەرکردەیەبەیەکجاری لەوەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی نائومێد بووەیان نیازی هەیەبۆ ساڵانی داهاتووش دووبارەهەوڵ و کۆششەکانی خۆی دەست پێبکاتەوە!!

ئەوەی شیاوی باسەساڵانەخەڵاتی ئاشتی نۆبێل بەو کەسانەی کەبەکردەوەکارێکی ئاشکرا و کاریگەر لەبواری ئاشتیدا دەکەن، دەبەخشرێ .

## ئەمریکا وەکو سۆڤیەتی بەسەر دێ



هەواڵەکان : چالمێرس ژۆنسۆن، پسپۆڕی بواری سەربازی ئەمریکی لەکتێبی ( خوای تۆڵە .. دوایین رۆژەکانی کۆماری ئەمریکا) کەلەم دواییانەدا بڵاو بۆتەوە، دەڵێ : من پێموایەئەمریکا نزیکیکۆتاییە، ئەوەی کەساڵانی ١٩٨٩- ١٩٩١ لەیەکێتی سۆڤیەت روویدا زۆر بەئاسانی لەئەمریکا روودەدات ، لەکرۆکدا لەبەر هەمان هۆ کەئیمپراتۆریەتەکەبێ سنوور درێژ بۆتەوە، توانای چاکسازی نیە، ئایدیۆلۆژیای ئابووری وشک و برینگە. ئەمەش بەبنبەستی دەگەیەنێ و لەکۆتایی دەیگیرسێتنێەوە.

ناوبراو پێیوایەکەیازدەی سێپتێمبەر تۆزقاڵێک لە هاوسەنگی جیهانی نەگۆڕیوە. هەروەها زۆربەی کێشەدیبلۆماسیەکانی سەدەی نۆزدەم بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەمیرات ماونەتەوە.

ناوبراو پێشتر بەهۆی چاپکردنی هەردوو کتێبی ( ئیمپراتۆریەتی سەربازیمان ) و ( مەینەتی ئیمپرایۆریەت ) توانیبووی شوێنپەنجەی خۆی لەسەر هزرو رامانی ئەمریکیەکان جێگیر بکات و ئەمریکا بەئیمپراتۆریەتێکی سەرسەخت بناسێنێ ، لەو بارەیەوەدەڵێ : رەگی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا بۆ ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥ دەگەڕێتەوەکەئەڵمانیاو ژاپۆن و ئیتالیا و شوێنەکانی دیکەداگیرکران و لەدوای کۆتایی هاتنی دووەمین شەڕی جیهان هێزەکانی ئەمریکا جێگیر بوون و پاشەکشەیان نەکرد .

# تاڵەبانی وەڵامی دەمشکێن بەئەردۆگان دەداتەوە



تەیب رەجەب ئەردۆگان، سەرۆکوەزیرانی تورکیا لەپێوەندی دیدار لەگەڵ رێزدار سەرۆک تاڵەبانی ، سەرکۆماری عێراق کەلەشاری ریازی عەرەبستانی سعودی یەکتریان دیتبوو ، ئاشکرای کردووەکاتێ سەبارەت بەکەرکوک نیگەرانی خۆمان دیارکرد، سەرۆک تاڵەبانی پێیگوتین : ئەگەر گومانتان لەناسنامەی کەرکوک هەیە، ئێوەدەتوانن شاندێک بنێرنەکەرکوک و لێکۆڵینەوەبکەن ! ئایا لەهەوڵەکانی چارەسەری کێشەی کەرکوک هەڵەی عێراقی هەیەیان نا ؟! لەتۆمارکردنی تاپۆکان فرت و فێڵ کراون یان نا ؟! دیمۆگرافیای کەرکوک دەستکاری کراوەوە گۆڕدراوەیان نا ؟! بۆ ساغکردنەوەی ئەم پرسیارانەدەتوانن شاندێک رەوانەی عێراق بکەن ، چونکەتاپۆی سەرەکی و بنەڕەتی کەرکوک لەبەغداد پارێزراون ، ئێوەکۆنسولگەریتان لەموسڵ هەیەدەتوانن لێکۆڵینەوەبکەن

چاودێران ئەمەبەباشترین و دەمشکێنترین وەڵامی تاڵەبانی بۆ ئەردۆگان دەزانن و پێیانوایەسەرۆک تاڵەبانی زۆر لێزانانەبەرسڤی بانگەشەدرۆیینەکانی تورکەکانی داوەتەوەو تێیگەیاندوون کەئەوان هیچ مافێکیان بەسەر کەرکوکەوەنیەو دەشتوانن بۆ خۆیان لێکۆڵینەوەبکەن و راستیەکانیان بۆ روون بێتەوە ، کەچی هەندێکی دیکەئو وەڵامەی سەرۆک تاڵەبانی بەهاوسۆزی لەگەڵ تورکیا لێکدەدنەوەو بەنارەوای دادەنێن .

# رۆژنامەوانێکی ئەمریکی: ئەمریکا پشتیوانی لە پژاک و مجاهدینی خەڵق دەکات

ریس ئەڵریش ، رۆژنامەوانی ئەمریکی و نووسەری کتێبی ئامانج گرتنی عێراق کە لەم دوایانەدا سەردانی باشووری کوردستان و ئێرانیشی کردووە، لە وتووێژێک دا باسی لە یارمەتی و پشتیوانی ئەمریکا بۆ پارتە کوردە چەکدارەکانی ئێرانی کردووە. ناوبراو دەڵێ: ئەمریکا پشتیوانی لە پژاک و موجاهیدینی خەڵق دەکات و حدکا و کۆمەڵەش لە هەمبەر هێرشی ئەمریکا بۆ ئێران، روانگەی جیاوازیان هەیە .

ئەلریش کە ساڵی ٢٠٠٣ دا، سەردانی ئێرانی کردبوو ، لەم دوایانەشدا پاش سەفەرێک بۆ عێراق و باشووری کوردستان، لە وتووێژێک دا لەگەڵ "واشینگتۆن پریزۆم" گوتوویەتی: ئەمریکا پشتیوانی لە حیزبە کوردەکان دەکات، بە تایبەت لە بواری مێدیا و راگەیاندندا . سێرڤیسە سیخوریەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە ئۆپێراسیۆنەکانی ناو سنوورەکانی ئێران دەکەن ، ئەمریکا و ئیسرائیل یارمەتی و پشتیوانی لە (پژاک) و "موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەکەن ، بۆ وێنە ئەمریکا لە ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەپرسێ کە ئایا ئەم رێکخراوەیان بەجێهێشتووە یان نا؟ ئەگەر بەرسیڤی ئەرێنی بدەن، ئەوە بۆ خۆی بە مەبەستی ئەنجامی ئۆپێراسیۆنی نیزامی لە ناو خاکی ئێران پەروەردەیان دەکات .

ئەلریش دەڵێ: کاتێک من لە ئێران بووم، بە بڕوایی من کەس لایەنگری و پشتیوانی لە موجاهیدینی خەڵق ناکات و ئەم رێکخراوە لەگەڵ حیزبە کوردیەکانیش هیچ پێوەندیەکی نیە . ریس ئەلریش دەڵێ: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە توندی دژایەتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەکات و ئەم یەکە لە بەرژەوەندی ئێران و دژەبەرانی ئێرانیش دانیە. بەڵام پژاک بەم هیوایەیە کە بە هێرشی ئەمریکا رژیمی ئێران بگۆڕێ و بۆیەش پێشوازی لە هێرشێکی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەکات ، کەچی کۆمەڵە نە پشتیوانی و یارمەتی لە ئەمریکا دەوێ و نەدژایەتی لەگەڵ هێرشی ئەمریکا بۆ ئێران دەکات .

سەرچاوە: ماڵپەڕی رێنێسانس

## لەم ژمارەیەدا

٣/ زالمای دانوستاندن لەگەڵ کێ دەکات؟!

٥/ ئامانجی کۆنفراسی ئیستانبۆل و مادەی سەدوچل!

٧/ فەرامۆشکردنی وانەی کۆمەڵایەتی بۆ!




## رۆژەڤ

ماوەیەک بوو لەرێگەی راگەیاندنەکانیانەوە خەڵکی عێراق و جیهانیان بەپلانی ئاسایشی شاری بەغداد، راونانی تیرۆریستان ، کوژران و دەستگیرکردنی سەدان تیرۆریست خەریک کردبوو ، راشکاوانەباس لەسەرکەوتنی پلانەکەو گێڕانەوەی هێمنایەتی و ئاسایش بۆ بەغداد دەکرا و بەسەرەتای گێڕانەوەی هێمانەیەتی و ئاسایشی عێراقیان دادەنا ، بەڵام بەردەوامبوونی کارەتووندوتیژیەکان لەنێو شاری بەغداد و شارەکانی دیکەی عێراقدا ئەو راستیەی سەر راست کردەوەکەهێزەکانی عێراق و ئەمریکا لەدۆخی ئێستادا ناتوانن کۆنترۆڵی شارەکان بکەن و توانای ئەوەیان نیەفەرمانڕەوایەتی بەسەر وڵاتدا بکەن .

ناکام مانەوەی پلانی ئاسایش کەزۆر بەچڕوپڕی لەناوەندەکانی میدیاکانی ئەمریکاوەبانگەشەی بۆ دەکرا ، نەک دڵ و دەروونی عێراقیەکانی هێور نەکردەوە، بەڵکو کاردانەوەیەکی توندی لەلای ئەوانەشەوەدروست کرد کەپێشتر وەکو رزگاریکەر تەماشای هێزەکانی ئەمریکایان دەکرد و سوپاسی سەرکۆماری ئەمریکایان دەکرد و بەئازاو بوێر ودلێریان دادەنا . ئێستا دوای شکستی پلانی ئاسایشی شاری بەغداد خەریکەدیزەبەدەرخۆنەدەکرێ ، خەریکەلەژێر لێوانیشەوەباس لەپلانی ئاسایشی بەغداد و سەرکەوتنی و بەردەوامبوونی ناکرێ ، کەچی سەرنجی خەڵک و میدیاکان بەلای بەرزبوونەوەی کوشت و کوشتار رادەکێشن ، ئاماری کوشتن و دەۆزینەوەی تەرمی ئەشکەنجەدراو لەهەفتەی رابردوو بەتایبەتیش لەسنووری پارێزگای موسڵ و بەغداد بەرێژەیەکی ترسناک پەرەی گرتبوو کە هەموو سنوورێکی تێپەڕکردبوو ، نەک بۆنی ئارام بوونەوەو کزبوونی ئاگری شەڕی نێوەخۆی لێنەدەهات ، بەڵکو راشکاوانەخەڵکەکەی دەتۆقاند و ناچاری دەکردن بەدوای دەربازکردنی گیان خۆیان بگەڕێن و ئاگایان لەپلانی ئاسایش و سەرکەوتنەتراویلکەییەکان نەمێنێ .

هەندێ لەچاودێرانی سیاسی هەفتەی رابردوویان بەهەفتەی خوێنین دانا و کێرڤی بەرزبوونەوەی ژمارەی کوژراو و ئەشکەنجەدراوەکانیان بەزەنگی مەترسی وێنا کرد ، رایانگەیاند کەتوانای رێکخراوی ئەلقاعیدەو گروپەشەڕکەرەکانی دیکەروو لەهەورازەو مەبەستیانەبیسەلمێنن کەوێڕای توندکردنی پلانی ئاسایش کەچی ئەوان لەشارەکان باڵا دەستن و دەیانەوێ شەڕو چالاکیەکانی خۆیان بەرەو شار و شارۆچکەکانی کوردستانیش بنێرن ، لەوانەیەهێرشی چەکدارەکان بۆ سەر شاری پێنجوین لەو چوارچێوەیەدا نەخشەی بۆ کێشرابێ ، هەر لەو پێوەندیەدا دەتوانرێ بانگەشەکانی حکومەتی عێراق و هێزەکانی ئەمریکا بێ بنەماو ناراست دابنرێن ، تەنانەت رێزدار سەرۆک تاڵەبانی لەکۆنگرەی لووتکەی کۆمکاری عەرەبیدا راشکاوانەرایگەیاند کەسوپای ئەمریکا لەئازادی هێنەوەبۆ داگیرکەر گۆڕاوە، ئەمەش واتای دڕندەیی و رەفتاری توندی هێزەکانی ئەمریکا بەرانبەر بەعێراقیەکان خۆیا دەکات .

ئێستا هەر کابینەیەکی دیکەلەجێگەی کابینەی نوری مالیکی بووایەو توانای گێڕانەوەی ئاسایشی بۆ پێتەخت نەبووایەدەستی لەکار دەکێشایەوە، هەر پەرلەمانێکی دیکەلەجێگەی پەرلەمانی عێراق بووایەداوای هەڵبژاردنێکی پێشوەختی دەکرد ، بەڵام چێژی کورسی دەستەڵات وای لەفەرمانڕەوایان کردووەکەتۆزقاڵێک بیر لەبەرژەوەندی نیشتمان نەکەنەوە، باکیان بەکوشتن و رژانی خوێنی ژن و منداڵ نەبێ، تەواوی هەوڵ و تواناکانیان بۆ هێشتنەوەی کورسی دەستەڵات دەکار بکەن . ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەکەپێش هەڵبژاردن بانگەشەیان بۆ دەکرد و خۆیان بەخزمەتگوزاری گەل دادەناو بەڵێنی گێڕانەوەی هێمنایەتی و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمانیان دەدا .